# كوردو فەلسەفەی ليبراليزم

سەردار عەزيز

بۆچی فەلسەفەيەكی سياسی كە ئەوپەری ماف ئەدات بە تاك، كە داكۆكی لە سەرتاپا مافەكانی تری مرۆڤ ئەكات، كە ئازادی ئەدات بە هەموو جۆرە بيروراياك، كە بە هيچ شێوەيەك هيز بەكارناهێنێ لەبەرامبەر ئەوانی تردا، كە دەولەت بچوك ئەكاتەوە لەو رووانەوە كە ئەگەری مەترسيان بۆسەر تاك هەبێت و گەورەی ئەكات لەو رووانەی كە هاوكاری هاوولاتيان ئەكات. فەلسەفەيەك كە ماف بە تاك ئەدات ببێتە خاوەن بەرهەم و رەنجی خۆی چونكە برواى وايە بەبێ بوونی داهات و بەرهەم مەحالە ئازادی يان سەربەخۆی تاك بەرقەرابێت. سەرەرای هەموو ئەمانە ليبراليزم دەيەوێت دەسەلات بەجۆرێك دارێژێت كە هەميشە لە ژێرچاودێری بەشە جياوازەكانيا بێت، بۆيە جياكردنەوەی سێ دەسەلاتە سەرەكيە بەمەرجێكی سەرەكی حوكم دائەنێت.

فەلسەفەيەكی سياسی بەم هەموو لايەنە پرشنگدارەوە، بۆچی هەتا ئێستا لە دونيای سياسەتی كورديا بوونی نيە. نەك هەر ئەوە هەرگيز باسيشی لێوەناكرێت. ئەوەی مايەی سەرنجە ئەمە لە كاتێكا رووئەدات كە زۆربەی زۆری ئەو كوردانەی كە لە هاندەرانن بە تايبەت لە وولاتانی رۆژئاوا لە سايەی سيستەمێكی ليبراليزمدا ئەژين كەچی هەميشە باسی لە ناشيوناليزم و كۆمۆنيزم و ئيسلاميزم ئەكەن. رەنگە ئەمە بە سادەيی هۆی ئەوەبێت كە خەلكی كورد هەرچەندە لە كوردوستانيشەوە دووربێت كەچی بێتوانايە لە جێهێشتنی پانتاييەكانی فيكری كوردی.

ليبراليزم نەك هەر لە نێو كورددا بەلكو لە سەرتاپا رۆژهەلاتی ناوەراستدا كز و بێهاوسەر و لاوازە. كەچی سەرتاپا ناوچەكە بە دەست ئەو كێشانەوە دەنالێنن كە ليبراليزم وەك فەلسەفەيەكی سياسی كردونيەتە كرۆكی تێروانينی خۆی . بەلام ئێمە لێرەدا زياتر يان لە راستيا تەنها بير لە ناوەندی بيری سياسی كوردی ئەكەينەوە.

سەرەتای سەرەتا ئيسلام وەك ئاينێك و وەك فيكرێك تەنها سيستەمێكی بيربوو كە ناوەندی بيركردنەوەی سياسی و كۆمەلايەتی كۆمەلگای ئێمەی كۆنترۆل كردبوو، (ئەوەی مايەی بيرلێكردنەوەيە هەرگيز ئيسلام لە مێژووی دووررودرێژيدا لە كۆمەلگای كورديا نەبوە مايەی ئەوەی كورد بەرەو ئازادی يان سەربەخۆی ببات يان هيچ نەبێ لە كۆيلەيەتی ئەوانی تر رزگاريكات)، ئيسلام هەتا ئێستاش ئەگەر تاكە هێز نەبێ ئەوا يەكێكە لە هێزە هەرە گەورەكان. ئاين بە جۆرێك بنەما ئيپسمۆلۆژيەكانی دارشتوە لە نەستماندا تەنانەت كاتێكيش بە زاراوەی ترەوە بيرئەكەينەوە ئەوا بيركردنەوانەمان هەر ئيسلاميانەيە.

پاش ئيسلام، ماركسيزم وەك فەلسەفەيەكی سياسی و كۆمەلايەتی رۆژانێك بە گور هاتە نێو كۆمەلگای ئێمەوە بەلام سەرەرای گور و تينی هەرگيز نەبووە هۆی هيچ گۆرانێكی سودبەخش نە لە رووی فيكر نە لە رووی سياسی و نە لە رووی كۆمەلايەتيەوە. ماركسيزم كە فەلسەيەكی سەرتاپاگيريە ئيسلامی بە دوژمنی خۆی لە قەلەم ئەدا و پرۆسەی كاركردنی لە سەر پرنسيپێك بوو؛ يان من يان ئەو. بە مانايەكی تر ماركسيزم وەك ئيسلام تۆتاليتارو سەرتاپاگيرە، فەلسەفەيەكی لوتبەرز و پر لە سوكايەتی كردنە بە مرۆڤ. لە كاتێكا خۆی بە مەرجەعی هەموو راستيەكان دائەنێت و وەها خۆی لە قەلەم ئەدات هەلگری دونيا بينيەكی زانستيانەيە لە هەمانكاتدا هەلگری موژدەيە بۆ داهاتوو وە زۆر بە روونی دەزانی مرۆڤايەتی بەرەو كوێ هەنگاودەنێت. هەرچەندە ئەم تێزانە ئەمرۆ لە ورێنەيەك دەچن كە مايەی پێكەنينە. بەلام ماركسيزم كاريگەريەكی زۆری لە سەر لە قالبدانی فيكری ئێمە بەجێهێشتووە. لە هەرە ديارەكانی ئەو مۆديلەی بيركردنەوەيە كە ئەمرۆ بە سەر سەرتاپا رۆشنبيرانی كوردا زالە ئەويش، تۆمەتباركردنی ئيسلام بە دواكەوتوو و بە سەرچاوەی هەموو خراپەكانی كۆمەلگای ئێمە. ئەم تێروانيە تەسكە بۆ كۆمەلگا و سياسەت بەرای من سەرچاوەكەی لە شێوازی بيركردنەوەی تۆتاليتارەوەيە، كە ماركسيزم و ئيسلام هەردوكيان بە يەكسانی هەلگرينی. لێرەوە ليبراليزم چوارچێوەيەك دائەرێژێ كە پانتايی ئەداتە هەموو فيكرێك و دونيابينيەك چونكە زۆر لەوە ئاگادارە هەرگيز تەنها بيرێك، ئاينێك، ئايدەلۆژيايەك ناتوانێ وەلامی سەرتاپا پێويستيە كۆمەلايەتی و راميارى و ئابوريەكان بداتەوە بە جۆرێك كە بە دلی هەموان بێت.

ئەوەی شایانی باسە هەرچەندە کورد بە دەست کێشەیەکی نەتەوایەتیەوە دەناڵێنێ بەڵام هەتا ئێستا خاوەن فیکرێکی ناشیونالیزم نیە. هەتا ئێستا ناشیونالیزمی کوردی مەرجەعی نیە. خاوەن تیورە و دونیابینی نیە. بۆیە هەرچەندە ئێمە خوێنێکی زۆرمان بۆ داکۆکیکردن لە کێشەی نەتەوایەتیمان بەخشیوە بەڵام ئێمە خاوەن بیرێکی نەتەوایەتی نین. ئەم بەتاڵیەی مەرجەع هۆکاری سەرەکی ئەوەیە، کە سەرەرای ئەوەی لە راستیا دەوڵەتی کوردی سەری نەجوقاوە بەڵام هەر خێرا بووبە دەوڵەتی بنەماڵە لە بری دەوڵەتی نەتەوە.

سەرەرای ئەمانە لە پاش دەرکەوتنی رووی راستی ئەو ئایدەلۆژیایانەی ناو پانتایی فیکری کوردی کۆمەڵێک خەڵک و رۆشنبیر کەوتنە هەڵەودای دونیابینی و فەلسەفەی تر بۆ بەکارهێنای وەک مەرجەعێک بۆ لیکدانەوەی کێشە کۆمەلایەتی سیاسیەکان. لە هەرە دیاریترین و لە راستیا سەرکەوترینیان دەستەی گۆڤاری رەهەندە. بەلام هیچ کام لە ئەمانیش خاوەن یان هەلگری بیری لیبرالیزم نین. زۆربەی رۆشنبیرانی ئەم دەستەیە لە مارکسیزمەوە هاتنە نێو دونیای فیکرەوە، وەک مەریوان وریا لە چاوپێکەوتنەکانی گۆڤاری لڤیندا ئاماژەی پێەکات، بەلام هێشتا سەرباری هەوڵی زۆریان بە تەواوەتی لە مارکسیزم پاک نەبوونەتەوە. دەستەی رەهەند، دیارە من ئەزانم کە چەمکێکی وەها پرە لە ئیشکالیەت، لە مارکسیزمەوە رۆشتن بۆ پۆستمۆدرێن بە تایبەت چەپی پۆستمۆدرێن. ئەمە بە ئاشکرا لە مەرجەعی ئەماندا دیارە وەک فۆکۆ و دریدا و لویتار و دۆلۆز و ئەوانی تر کە زیاتر بالادەستی فیکری فرانکۆفۆنیە. بەلام هەرچەندە چەپە پۆستمۆدرێنە فرانکۆفۆنیەکان لە کێشەدان لەگەڵ لیبرالیزم و دیموکراسیدا بەلام دەستەی رەهەند رەنگە نزیکترین خەڵک بن لە کۆمەلگای کوردیا لە بیری لیبرالیزمەوە، بەلام هیچ کام لەئەوان هەرگیز بە راشکاوانە کاریان لە سەر کانت، هیوم، لۆک، جۆن ستیوارت میل، نەکردوە، ئەمانە کە بە لیبرالی کلاسیک دائەنرێن. لە هەمانکاتدا بە دەگمەن نەبێت هیچ ئاماژەیەک نیە بۆ کارل پۆپەر، هایەک، رۆرتی، لودڤیگ ڤۆن میسیس، ئایسیا یان ئەشعیا بەرلین، کە بە خەڵکە دیارەکانی لیبرالیزمی نوێ دائەنرێن.

یەکێک لەو دیاریدە بچکۆلە سەرنجراکێشانە کە لە میدیای کوردیا لەم دوایانەدا روویدا دیاریدەی شیوەگێران بوو. کاتێک دریدا مرد، شیوەنێکی زۆر گێردرا، کاتێک لیوتار مرد مەرکەبێکی زۆر رژا، بەلام لەم چەند هەفتەی دوایەدا ریتچارد رۆرتی مرد، کە بێگومان بە یەکێک لە هەرە ناسراوترین فەیلەسوفە لیبرالەکانی ئەم سەردەمەی ئەمریکا دەناسرێت کەچی کەس پرسە نامەیەکی نەنووسی.

لێرەدا ئێمە بەرامبەر کۆمەڵی پرسیار دەبێنەوە. بۆ نموونە ئایا ئێمە بە ئاگاین لە کێشەکانمان و بە دوای چارەسەریانا دەگەرێین. ئایا ئێمە بە ئاگاین لە لیبرالیزم. ئایا ئەم بێدەنگیە نیشانەی بێئاگاییە یان نیشانەی رەفزکردن.

دیارە من زۆر لەوە ئاگادارم کە لیبرالیزم هەمووی هەنگوین نیە، وەک هەموو بیرە سیاسیەکانی تر دەکرێ ببێتە هۆی گەندەڵی چەوسانەوە یان ناعەدالەتی. بەڵام بەلای کەمەوە لایەنە تاریکەکانی لیبرالیزم هەرگیز لە گەڵ لایەنە تاریکەکانی فەلسەفە و ئایدەلۆژیەکانی تردا بەراورد ناکرێت. من بە ئەرکی خۆم نازانم بەهانە بۆ لیبرالیزم بێنمەوە یان پاساوی بۆ بێنمەوە ئەوەی من لەم نوسینەمدا دەموێ بیخەمە بەرچاو تەنها پرسیارێکە، بۆچی لیبرالیزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی لە نێو پانتایی بیری سیاسی کوردیا بوونی نیە. دیارە ئەگەر کات هەبوو لە داهاتوودا بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر وەلامی ئەو پرسیارەی ئایا لیبرالیزم چیە لایەنە پرشنگی و لایەنە تاریکەکانی ئەم فەلسەفەیە روون ئەکەینەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە من جودایی ئەکەم لە نێوان لیبرالیزم و نیولیبرالیزمدا. ئەگەر بێتوو زۆر بەکورتی پێناسەیەکی لیبرالیزم بکەم ئەوا دەڵێم؛ رۆحی لیبرالیزم ئەو رۆحەیە کە هەرگیز زۆر دڵنیانیە.

بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەرچەندە لیبرالیزم ئامادەییەکی زۆر کز یان دەتوانم بڵێم هیچ ئامادەییەکی نیە بەڵام لە هەمانکاتدا دوژمنی زۆری هەیە و هەمیشە هەوڵئەدرێت کە رێگە لە سەرهەڵدانی بگیرێت.

لە کۆمەڵگای کوردیا داوای لیبراڵ یان خوازیاری حکومەتی لیبراڵیانە هەیە بەبێ ئاگاداربوون لە لیبرالیزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی. بۆ نموونە دەستور لە کۆمەڵگای کوردیا داکۆکیکەری زۆری هەیە، لە کاتێکا دەستور بە یەکێک لە کۆڵەکانی حکومەتی لیبراڵ دائەنرێت. بەڵام تێگەیشتنی لیبراڵ بۆ دەستور ئەوەیە کە دەستور دەبێ ببێتە

هۆی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی موتڵەق و بێسنوری تاکە سەرکردە و کەسەکان. بەڵام لەبەر ئامادەنەبوونی فەلسەفەی لیبرال تێگەشتنی ئێمە بۆ دەستور، وەک تێگەشتنمان بۆ زۆربەی بەشەکانی تری دەسەڵات، تێگەیشتنێکی سەقەت و سنوردارە. بۆ کورد، لە هەموو شتێک زیاتر، دەستور بریتیە لە دەفتەری دەستکەوتەکان.

دیاریدەیەکی تر مایەی تێرامانە ئەویش پایەکردنی پلان و بەرنامەی لیبرال بەبێ ئاگاداربوون لە لیبرالیزم. سیاسەتی لیبرال بەبێ هەبوونی لیبرالیزم تەنها دەبێتە مایەی گەندەڵی. چونکە ئەگەر پرنسیپی بنەرەتی لیبرال بریتی بێت لە بچوککردنەوەی حکومەت و گەشەکردنی کەرتی تایبەت ئەوا ئەم پرۆسەی گواستنەوە لە کەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەت بەبێ ئامادەبوونی رۆحێکی لیبراڵ دەبێتە هۆی تاڵانکردن لە بری گەشەکردن.

ئەوەی پێویستە بوترێت ئەو هێزەی کە لە پشت لیبرالیزمەوە ئەمرۆ وە دەیەوێت لە گەڵ دیموکراسیدا بیکاتە بەرنامەیەکی جیهانی ئەمریکایە. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەو لیبرالیزمەی کە ئەمریکا داکۆکی لەسەر ئەکات لە وولاتانی تر تەنانەت لە ئەمریکا خۆشیدا جگە لە تراژیدیا  هیچی تر بەرهەم ناهێنێ. ئەم دیاریدەیەی کە ئەمریکا خۆی کردوە بە خاوەنی لیبرالیزم زیانێکی زۆری بە لیبرالیزم گەیاندوە. لە باشترین دۆخیدا ئەم لیبرالیزمە لیبرالیزمێکی دڵرەق و بێبەزەییە وە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە مرۆڤ لە مافە کۆمەڵایەتیەکانی دارن و بێبەریکات. بەڵام لە هەمانکاتدا لیبرالیزمێکی وەک وولاتی هۆڵەندا لیبرالیزمێکی جوادیە.

ئەگەر بمانەوێ بە دوای هۆکارەکانی ئامادە نەبوونی لیبرالیزم لە نێو پانتایی فیکری سیاسی کوردیا بگەریین ئەوا یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئامادەنەبوونی ئەم فەلسەفەیەیە لە نێو عەرەبەکاندا.  چونکە هێشتاکە زمانی عەرەبی یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکیەکانی خوێندنەوەی رۆشنبیرانی ئێمەیە. لە کاتێکا ئەو ژمارە کەمەی عەرەب کە لیبرالن لە بری عەرەبی بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن. رەنگە باڵادەستی ئیسلام وەک تاکە هیزی ئۆپۆزسیون لە وولاتانی عەرەبدا، لە گەڵیا هەستی دژە ئەمریکایی رێگری سەرەکی بەردەم ئەم لاوازیانە بن. بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبینین لە وڵاتێکی وەک ئێراندا پاش بێزاربوونیان لە ئیسلام لیبرالیزم ئامادەیەکی بەهێزی هەیە لە نێو رۆشنبیرە ئیرانیەکاندا. ناساندن و قسەکردن لە سەر لیبرالیزم کارێکی پێویستە لە کاتێکا دونیابینی ئێمە بۆ حوکمکردن و بەرێوبردنی دەوڵەت لە قەیرانێکی زۆر سەختدا ئەژی. لیبرالیزمی راستەقینە ئازادیەکان بەرقەرا ئەکات هەتا مرۆڤ بتوانێ خۆی وەک خۆی بە سەربەخۆی بژی. وەک رۆتری دەڵێت؛ ئاگاداری ئازادایەکان بن، هەموو ئەو شتەکانی تر خۆیان ئاگایان لە خۆیان دەبیت.